حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

حكومة اقليم كوردستان/ العراق مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلم
رئاسة جامعة صلاح الدين/ اربيل
كلية التربية
قسم اللغة كردية

**Kurdistan Regional Government –Iraq/ Council of Ministers/ Ministry of Higher Education & Scientific Research / Salahaddin University / Erbil / College of Education / Scientific Depts./ Department of Kurdish Language**

---

# گێڕانەوەناسی

# (Narratology)

(پێداچوونەوەی توێژینەوەکان)

**م. كامران ابابكر خضر**

(٢٠٢١-٢٠٢٢)

## پێشەکی:

لەبەر گرینگی و رۆڵی تەکنیکی گێڕانەوە لە نێو دەقی ئەدەبیدا ، کە وەک هونەرێکی کارا بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوە دایە، بەتایبەت لە سەردەمی ئەدەبی هاوچەرخ دا، ئێمە بە پێویستمان زانی کە ئەم تەکنیکە لە سێ نامەی ئەکادیمی بخەینەڕوو، هەرچەندە نامەی تر و تەکنیکی ترلەم بوارە زۆرە بەڵام لێکچوون و نزیکی هەرسێ توێژینەوە لەڕووی تەوەرەکان و پێکهاتەی توێژینەوەکانیان.

## گێڕانەوەناسي:

ناراتۆلۆژی Narratology یان زانستی گێڕانەوە بەعەرەبی (علم السرد) یا (السردية) و (السرديات)، چەمکی ناراتۆلۆژی بریتییە لە تیۆری گێڕانەوە کە لە بونیادگەراییەوە وەرگیراوە، واتە لقێکە لە لقەکانی لێکۆلینەوەی فۆرمالیزم و بونیادگەریی زمانەوانی، لە سیستەمەکانی گێڕانەوە دەکۆلێتەوە بە فۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانی، هەروەها لەو پرەنسیپانەش ورد دەبێتەوە کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت، ئەو چەمکە لە سروشت و شێوەو ئەرکی گێڕانەوە دەکۆلێتەوە، تەنانەت هەوڵدەدات سیمای وێکچوو و هاوبەش، هاوکات خاڵی جیاواز لە نێوان هەموو چەشن و شێوەکانی گێڕانەوەدا بدۆزێتەوە. بۆ یەکەمجار (تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ) ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە، هەروەها ئەم زاراوەیە لە لێکۆلینەوەکانی ئەنترۆلپۆلۆژیستی فەرەنسی کلۆد لیڤی شتراوس (١٩٠٨_٢٠٠٩) یش، سودێکی زۆری لێ وەگیراوە بە تایبەتی کاتێک دەست بە لێکۆلینەوەکانی دەکات دەربارەی ئەفسانەکانی میللەتە سەرەتاییەکان، پاشان ئەم زاراوەیە لەلای هەندێ لە بونیادگەراکان پەرەی زیاتەری پێدراوە، بەتایبەتی لەلای رەخنەگری فەرەنسی بە رەچەڵەک بولگاری تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ (١٩٣٣_ ....) و لێکۆلیاری فەرەنسی جۆلیان گریماس (١٩١٧_١٩٩٢) و رەخنەگری فەرەنسی جیرار جنێت (١٩٣٠) و رەخنەگر و توێژەری ئەمریکی جێڕالد پرێنس.

هەندێ کەس پێیان وایە تۆدۆرۆڤ یەکەم توێژەر و رەخنەگری ئەدەبییە کە ئەم زاراوەیەی لە بونیادگەری ئەدەبیدا بەکارهێنابێت، هەروەها فۆرمالیستی رووسی فلادیمێر پرۆپ (١٨٩٥_١٩٧٢) کە خوێندنەوەیەکی ناراتۆلۆجیانەی بۆ حکایەتە خورافییە میللییەکان کردووە، لێرەدا هەندێ زاراوەی دی هەن پەیوەستن بە لێکۆلینەوەکانی بواری رۆمان و هەموو تێکستێکی ئەدەبی گێڕانەوەیی وەک نۆڤلێت و چیرۆک و کورتە چیرۆک و شانۆنامەو داستان و چیرۆکی میللی و

زۆری تریش، ئەو زاراوانەش ئەمانەن:(گێڕانەوە،السرد،narrative) و (کاری گێڕانەوەیی، العملیە السردیة narration)و (گێڕەرەوە، السارد narrateur)و (بۆ گێڕەرەوە، المسرود لە،narrataire). زانستی گێڕانەوە تەنها لەسەر ئەو تێکستە ئەدەبییانە ناوەستێت کە بە شیوەیەکی تەقلیدی گێڕانەوەی تێدایە، وەک چیرۆک و رۆمان، بەڵکو دەچێتە سەر چەندین کاری هونەری دیکە کە فۆرمی تری گێڕانەوە لە خۆ دەگرن، بۆ نموونە: کارە هونەریەکانی شێوەکاری وەک تابلۆ و پەیکەر، یان فلمی سینەمایی ، گێڕانەوەی زارەکی، مۆسیقا و سەمفۆنیا ، مێژوو ، بیۆگرافیا ، هەروەها وێنەی جوڵاو، تەنانەت پۆستەرەکانی ریکلام و پروپاگەندەش. لە ئاراستەیەکی تردا، گێڕانەوە بریتییە لە زاراوەیەکی ئەدەبی و هونەری کە نووسەر، یان یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکیەکان لە تێکستی گێڕانەوەییدا، رووەداوەکان لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا دەگێڕێتەوە، لە رەخنەی نوێی عەرەبیدا ژمارەیەک نووسەر و رەخنەگری وەک سەعید یەقتین وە فازل سامڕ و عەبدولمەلیک مورتاز، لە کتێبەکانیاندا بایەخێکی زۆریان بەم زاراوەیە وە بەم ژانرە ئەدەبییە داوە.

گێڕانەوە شێوەی یان هونەری گەیاندنی چیرۆکەیە، خوێنەر ئەویش بارگاویە بە زمانێکی تۆمارکراو و چەند رووداوێک و چەند کەسایەتیەک لە شوێنکاتێکی ئەوتۆدا کە خوێنەر رابکێشێ و سەرسامی بکات، وە گێڕانەوە بە یەکێک لە بنەماو ستوونەکانی بونیادی چیرۆک یا رۆمان بریتیە لە هونەرو تەکنیکی گێڕانەوە، ئەم تەکنیکە وەک هەموو تەکنیکە هاوچەرخەکانی تر خاوەنی ئاماژە و ئاستی تایبەتی خۆیەتمی، کەزۆرجار دەکرێت بە سەنگی مەحەک بۆ دیاریکردنی ئاستی بنەما و رەگەزاکانی تر لە کاتی گێڕانەوە دا، بۆیە یەکێک لە سیما ئیستاتیکی و هونەری و جوانکاری ئەزموونی هەر چیرۆکنووسێک ئەوەیە کەهەوڵی شکاندنی سنوورە تەقلیدیەکان بدات کە لە نێوان دەق و خوێنەر بونیادنراوە، هەوڵ بدات دنیابینی نوێ لای تاکی خوێنەر دروست بکات و خوێنەر تووشی رامان و سەرسورمان بکات، یەکێک لە بنەماکانی پاڵنانی چیرۆکنووس بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی بە نەمری بهێڵێتەوە بریتیە لە هونەر و تەکنیکی گێڕانەوە.

## ناواخنی توێژینەوەکان:

رەهەند و بابەتی (توخم و رەگەزەکانی گێڕانەوە) لەهەر سێ توێژینەوە دا باسی لێوەکراوە و لە بەشێک لە بەشەکانی لێکۆڵینەوەکانیان خراونەتەڕوو، کە ئەوانیش بریتین لە توخم و رەگەزانە:

١.کات

٢. شوێن

٣. مەنەلۆگ

٤. دایەلۆگ

٥. کارەکتەر

٦. ڕووداو

٧. وەسف

٨. زمان

٩. شەپۆلی هۆش

لەنێو ئەم سێ لێکۆڵینەوەی کە ئاماژەمان پێداون و خستومانەتەڕوو، کە دووانیان نامەی ماجستێرن و یەکێکیان نامەی دکتۆرایە. لە هەردوو نامەی ماجستێرەکان دا نامەی (سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی) لەرووی ژمارە و جۆر و پیکهاتەو خستنەڕووە وە زۆر پوختر و گشتگیرترە، کە هیچی لە ژمارە و جۆری رەگەزەکانی گێڕانەوە لە نامەی دکتۆڕاکەی (پەری ساڵح حەمید موفتی) کەمتر نییە، ئەم هۆکارەش وای کردووە کە نامەکەی (سەنگەر قادر) زۆر زانستیانەتر و ئەکادیمیانەتر دەربکەوێ، بەڵام لە نامەی دکتۆراکەی (پەری ساڵح) دا جۆر و توخم و رەگەزەکانی گێڕانەوە زیاترە لە هەردوو نامەی ماجستێرەکەی تردا، کە لە هەردوو نامەی ماجستێرەکاندا ئاماژە بە رەگەز و توخمی (شەپۆلی هۆش) نەدراوە، بەڵام لە نامەی دکتۆراکەدا جگە لە هەشت رەگەزە سەرەکیەی کە ئاماژەمان پێ دا لە پێشوودا ئەم رەگەزەش باسی لێوە کراوە.

دوابەدوای خستنەڕووی سەرجەم ئەم توخم و رەگەزانەی گێڕانەوە دێین یەکە یەکەی رەگەزەکان لە پەرەگرافێکدا دەخەینەروو بەپێی ئەو سەرنجانەی کە لامان دەردەکەوێ.

## ١.کات:

لە هەر سێ توێژینەوەدا توخمی کات بە توخم و ڕەگەزێکی کارا دادەنێت، بەڵام جیاوازیان هەیە لەڕووی جۆر و دابەشکاری کات، لە هەر سێ توێژینەوەدا ئاماژە بە جۆرەکانی کات بەپێی

**کاتی**

کاتی گێڕانەوە — کاتی چیرۆک یا ڕۆمان

جۆرە دابەشکاریەکی تر سەبارەت بە کات هەیە ئەویش بریتیە لە:

**کاتی**

کاتی فیزیکی — کاتی دەروونی

ئەوەی جێگەی باسە لە هەردوو توێژینەوەکەی (پەری ساڵح) و (ڕێزان رحمان) دا، باس لەو دوو جۆرە کاتەش کراوە بەڵام توێژینەوەکەی (سەنگەر قادر) دا، ئاماژە بەو جۆرە کاتانە (کاتی فیزیکی، کاتی دەروونی) نەکراوە بە شێوەیەکی دیار، جگە لەو هێلکاریانەی سەبارەت بە خستنەڕووی کات لە هەر سێ توێژینەوەدا لە توێژینەوەکەی (پەری ساڵح) کە سەبارەت بە گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل) ە، قوڵتر و چڕتر شۆڕبۆتەوە بۆ خستنەڕووی ڕەگەزی کات کە ئەو بە جیاوازتر هاتووە ئاماژەی بە جۆرە هێلکاریەکی تر کردووە ئەویش بریتیە لە هێلکاری:


**ڕەوتەکانی کاتی گێڕانەوە**

ڕەوتی گێڕانەوەی داخراو — ڕەوتی گێڕانەوەی پێشخراو — جووڵەی کات لە رووی خێرایی و سیستیەوە


هاو کات ئەم قوڵبوونەوەیەی توێژەر بە نێو خستنەڕووی ڕەگەز و توخمی کات بە پێی ئەم هێلکاری و پۆلینکاریە وای کردووە توێژینەوەکەی زانستیانەتر و ئەکادیمیانەتر دەربکەوی لە چاو دوو توێژینەوەکەی تر.


## ٢. شوێن:

له هەر سێ توێژینەوەدا باس لەو توخم و رەگەزەی گێڕانەوە کراوە بەڵام هەریەکە و بە شێوەیەک ئاماژەی بەجۆرەکانی شوێن کردووە، لە توێژینەوەکەی (سەنگەر قادر) دا، بە شێوەیەکی پوخت توێژەر هاتووە رەگەزی (شوێن) ی بە سەر سێ جۆر دابەش کردووە و بەم شێوەیە:




کە زۆر بەجوانی لە تەک باسکردنی بە شێوەی تیۆریەوە دواتر هاتووە بە شێوەی پراکتیزەیی بەرجەستەی نموونەی نێو داستان و رۆمانەکەی کردووە، بەڵام لە توێژینەوەکەی (رێزان رەحمان) دا، لێکۆڵەر ئاماژەی تەنیا بە دوو جۆر (شوێن) کردووە، ئەوانیش بریتین لە دوو شوێن:







جۆری یەکەم هەر لە شێوەی شوێنە واقیعی و شوێنە خەیاڵی یا گریمانەیەکە کە (سەنگەر قادر) یش، ئاماژەی پێداوە لەگەڵ شوێنی کراوە و داخراو دا، بەڵام لە توێژینەوەکەی (پەری ساڵح) دا، ئاماژە بە سێ جۆری شوێن دراوە ئەوانیش بریتین لە:










کەواتە لێرەدا دەگەڕێنەوە ئەو راستیەی کەوا هەر سێ توێژەر بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیان بە شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی داوە ئەو شوێنەی لە واقیعدا بەرجەستەن و شوێنی خەیاڵیش کە لە ناوەڕۆکی رۆمان یان چیرۆکدا نووسەر بەرجەستەیان دەکات بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە (سەنگەر قادر) جۆرەکانی شوێنی زۆر بەجوانی و ئەکادیمیانە خستۆتەڕووە وە لە تەک هێنانەوەی نموونە لە نێو تێکستەکاندا.

### ٣. دایەلۆگ:


سەبارەت بە ڕەگەز و توخمی دایەلۆگ وەک یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی گێڕانەوە هەر سێ توێژینەوە ئەم ڕەگەزەیان خستۆتەڕوو لە لێکۆڵینەوەکەی (ڕێزان ڕەحمان) دا کە تایبەتە بە تەکنیکی گێڕانەوە لای (عەبدوڵڵا سەراج) دا، سێ جۆر دایەلۆگ دەستنیشان دەکات هەرچەند ئەو ڕای وایە کە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە ئەوانیش بریتین لە:

١.دایەلۆگی ڕاستەوخۆ.

٢. دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ.

لە پاڵ ئەم دوو دایەلۆگە، جۆرێکی تریش دەستنیشان کردووە ئەویش دایەلۆگی (لێکدراو)ە، دواتر بە نموونە هەر سێ جۆری بە شێوەی پڕاکتیک خستۆتەڕوو، لە لێکۆڵینەوەکەی (سەنگەر قادر شێخ محمد) دا کە بە ناونیشانی (بنیاتی گێڕانەوە) یە، لە داستانی (مەم و زین) ی (ئەحمەدی خانێ) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان) ی (بەختیار عەلی) دا، توێژەر لێکۆڵەر لە میانەی خستنەڕووی لایەنی تیۆری سەبارەت بەم ڕەگەزە ئاماژە بە بیر و ڕای دوو نووسەر دەکات لە ڕووی دەست نیشانکردنی جۆرەکانی دایەلۆگ ئەوانیش لای (جیرا ر جنیت) و (نەجم ئەلوەنی) یە.

**جیرار جنیت**



١.دایەلۆگی هەڵگیراو یا ڕاستەوخۆ

٢. دایەلۆگی گوازراوە یا شێوازی ناڕاستەوخۆ

٣. دایەلۆگی گێڕاوە (قسەی کارەکتەر یا حیکایەتخوان

**د. نەجم ئەڵوەنی**

١.دایەلۆگی راستەوخۆ

٢. دایەلۆگی ناراستەوخۆ

٣. دایەلۆگیی لێکدراو

٤. دایەلۆگی سادە

بەڵام لە نامەی دکتۆراکەی (گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا کە لە لایەن (پەری ساڵح حەمید) ئەنجام دراوە دوای خستنەڕووی لایەنی تیۆری سەبارەت بە جۆرەکانی ئەم رەگەزەی نێو هونەری گێڕانەوە تەنیا ئاماژەی بە دوو جۆر داوە کە ئەوانیش بریتین لە:

١.دایەلۆگی راستەوخۆ

٢.دایەلۆگی ناراستەوخۆ

دیارە دەست نیشان کردنی ئەم دوو جۆرەش بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی کەوا لە دەقەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا تەنیا دوو جۆر خراونەتەڕوو و نووسەر لە کۆ چیرۆکەکانی بەکاری بردوون، لە کۆتایدا دەگەینە ئەوەی بڵێین لە هەر سێ لێکۆڵینەوەدا بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر لە دایەلۆگ وەک رێژەی زیاتر بەکارهێنراون لای نووسەرانی کورد دا، بەڵام خستنەڕووی جۆری تر لە رەگەزی دایەلۆگ نیشانەی دەوڵەمەندی و زیاتر قوڵبوونەوەیە.

### ٤. مەنەلۆگ:

یەکێکە لە شێوە و جۆرەکانی (تەوژمی هۆش) کە لە هەر سێ لێکۆڵینەوەدا توێژەرەکان لە رووی خستنەڕووی لایەنی تیۆرییەوە زیاتر پشتیان بەستووە بە بیر و رای (رۆبەرت همفری) کە لە خستنەڕووی جۆرەکانی مەنەلۆگ رای وایە رەگەزی مەنەلۆگ سەر بە تەکێکی (شەپۆڵی هۆش)ە.

**ڕۆبەرت همفری (شەپۆڵی هۆش)**

١.مەنەلۆگ

٢. خۆدواندن

٣. بەدواهاتنەوەی ئازاد

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو هێلکاریەی سەرەوە لە دکتۆرا نامەکەی (پەری ساڵح حەمید) بە سێ جۆر خراوەتەڕوو بەڵام لە نامەی ماستەرەکەی (ڕێزان رەحمان خدر) و لێکۆڵینەوەکەی (سەنگەر قادر شێخ محمد) دا تەنیا ئاماژە بە دوو جۆر لە مەنەلۆگ کە لە تەکێکی (شەپۆڵی هۆش) لای بیرمەند (ڕۆبەرت همفری) ئاماژەی بۆ کراوە بە هیچ شێوەیەک ئاماژەیان بە جۆری سێیەم نەداوە  کە ئەویش بریتیە لە (بەدوا هاتنەوەی ئازاد) کەواتە دیارە هۆکاری ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە (ڕێزان رەحمان) و (سەنگەر قادر) تەنیا ویستویانە بە شێوەیەکی باو و گشتی بخەنەڕوو بەڵام ئەمە جێگای سەرنجە کە چەند زیاتر جۆرەکان بخرێتەڕوو ئەوا لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی زانستیانەتر دەردەخات وە دەبێ ئەو حەقیقەتەش ئاماژە پێ بدەین کە جگە لە رای (ڕۆبەرت همفری) لە لێکۆڵینەوەکەی (سەنگەر قادر شێخ محمد) دا ئاماژەی بە جۆر و شێوەیەکی تر داوە بە هێنانەوەی بیر و رای نوسسەرێکی تر داوە ئەویش (جەمال میر سادقی) ە، کە مۆنۆلۆگی بۆ سێ جۆر دابەش کردووە ئەوانیش بریتین لە :

**جەمال میر سادقی (مۆنۆلۆگ)**

١.مۆنۆلۆگ

٢. مۆنۆلۆگی درامی

٣. خۆدواندن


ئەم خستنەڕووەش وای کردووە لێکۆڵینەوەکەی توێژەر (سەنگەر قادر شێخ محمد) بە شێوەیەکی چڕو ئەکادیمیانە بخاتە پێش چاووە هەوڵێک بێ بۆ زیاتر ناساندنی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ.

### ٥. کارەکتەر/ کەسایەتی:

یەکێک لە رەگەزەکانی گێڕانەوە بریتیە لە (ئەکتەر/ کەسایەتی) کە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە چیرۆک و رۆمان بە شێوەیەکی تایبەت لە هەر سێ توێژینەوەدا ئاماژە بەم رەگەزە دراوە بەڵام بە جیاوازی لە توێژینەوەکەی (پەری ساڵح حەمید) کە تایبەتە بە هونەری (گێڕانەوە) ئەم رەگەزەی نەکردووە بە جۆرێک یان خاڵێک لە جۆر و خاڵەکانی ئەو بەشەی کە تایبەت کراوە بە توخم یا رەگەزەکانی گێڕانەوە هاتووە بە شێوەیەکی پەرت و نا کاریگەر لە بەشی سێیەمدا کە تایبەتە بە (وەسف) لەوێ بە شێوەیەکی لاوەکی باسی وەسفی کارەکتەری کردووە ئەویش بە شێوەیەکی گشتی بێ ئەوەی دابەشکاری بۆ بکات کەوا دەبێ بە چەند جۆر کە ئەمەش نابێتە هۆی ناساندنیکی بەرچاوی خوێنەران.

هاوشێوەی توێژینەوەکەی خاتوو (پەری ساڵح) توێژینەوەکەی (رێزان رەحمان خدر) یش، رەگەزی کارەکتەر یا کەسایەتی نەخستۆتە نێو جۆرەکانی یا توخمەکانی گێڕانەوە بەڵکو هاتووە لە بەشی دووەم دا بەجیا باس لە (جۆری کەسایەتی لە گێڕانەوەی رۆماندا) کردووە کە ئەم توێژینەوە هەنگاوێک زانستیانەترە ئەویش بە حوکمی ئەوەی لە میانەی خستنەڕوو و باسکردنی رەگەزی کارەکتەر یا کەسایەتی هاتووە ئاماژەی بە دوو جۆر لە کەسایەتی دا کە ئەوانیش بریتین لە:

**کەسایەتی**




١.کەسایەتی پەرەسێن

٢. کەسایەتی سادە (چەسپاو)

بەڵام ئەگەر لە توێژینەوەکەی توێژەر (سەنگەر قادر شێخ محمد) بکەین، دەبینین توێژەر (کارەکتەر) ی وەک توخمێک لە توخمەکانی گێڕانەوە وەک ئەو توخمانەی لە پێشوودا ئاماژەمان پێ داون هەژمار کردووە و لە تەوەرێک لە تەوەرەکان باسی کردووە و بە شێوەیەکی زانستیانەو ئەکادیمیانە خستویەتیەڕوو، لە میانەی خستنەڕووی لایەنی تیۆرییەوە، جۆرەکانی کارەکتەری بە شێوەیەکی کۆکەرەوە لە نێو دەقدا بۆ ئەم چوار جۆرە دابەشی کردوون، کە دەکرێ بە شێوەی ئەم هێلکارییە کورتی بکەمەوە:


**(جۆرەکانی کارەکتەر)**





خستنەڕووی هەشت جۆر لە (کارەکتەر) نیشانەی دەوڵەمەندی بابەتە کە نیشان دەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر ناساندنی ئەم توخمە، ئەم هەوڵەی توێژەریش زیاتر ئاراستەی ئەوەی دەبات کە ببێتە مایەی سەرخستنی کارەکەی و زیاتر زانستیانەتر دەربکەوێ.

**٦. ڕووداو:**

(ڕووداو) یش هاوشێوەی توخم و ڕەگەزەکانی تر، یەکێکە لە توخمە سەرەکیەکانی گێڕانەوە، کە مەرجە لە هەبوونی دەقی چیرۆک یا ڕۆمان، سەبارەت بە خستنەڕووی ئەم توخمە لە هەر سێ توێژینەوە دا، هەر توێژەرێک بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاماژەیان پی داوە، بەم شێوەیە، لە توێژینەوەی (بنیاتی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا کە لە لایەن (سەنگەر قادر شێخ محمد) ەوە، پێشکەش کراوە توێژەر لە میانەی خستەڕووی لایەنی تیۆڕی سەبارەت بە توخمی (ڕووداو) ئاماژە بە دوو جۆر لە ڕووداو بە شێوەیەکی گشتی دەکات، ئەوانیش بریتین لە:





بەڵام سەبارەت بە توێژینەوەی خاتوو (ڕێزان ڕەحمان خدر) کە تایبەتە بە (تەکنیکی گێڕانەوە) توێژەر نەهاتووە وەک توخمێک لە ژێر ناونیشانی (توخمی ڕووداو) ئاماژە پێ بدات، بەڵکو هاتوو لە هەناوی ناونیشانێکی تر و توخمێکی تر باسی کردووە ئەویش تایتڵی (تەکنیکی پاشخەری) کە دابەش دەبێت بەسەر سێ جۆر بەم شێوەیە:



وه جۆرێکی تریش دەستنیشان کردووە کە ئەویش بە ناوی (تەکنیکی پێشخەری) یە کە دابەش دەبێت بەسەر سێ جۆر بەم شێوەیە:


**تەکنیکی پێشخەری**



١.پێشخەری دەرەکی　　　　٢.پێشخەری ناوەکی　　　　٣. پێشخەری دووبارەکراوە

لە میانەی خستنەڕووی ئەم دوو جۆرە لە تەکنیک و دابەشکردنی هەریەکەیان بۆ سێ جۆر، توێژەر هاتوو لە رووی تیۆرییەوە بە درێژایی باسی رەگەز و توخمی (رووداو) ی کردووە لە نێو رۆمان بە گشتی و رۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج) بە تایبەتی، ئەمەش هەوڵێکی نوێیە لە دەرخستن و ئاماژە پێدانی ئەم توخمە کە جێگای بایەخە، سەبارەت بە توێژینەوەکەی خاتوو (پەری ساڵح حەمید) کە تایبەتە بە (گێڕانەوە) توێژەر هاتووە بە شێوەیەکی تر و لە فۆرمێکی تر جۆرەکانی بنیاتی توخمی رووداو بەشێوەیەکی گشتی لە دەقداو وە بەشێوەیەکی تایبەتیش لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، ئاماژەی پێداوە بەم شێوەیە:

**(جۆرەکانی بنیاتی رووداو)**




١.بنیاتی زنجیرەیی　　　　٢.بنیاتی تیهەڵکێش　　　　٣.بنیاتی نۆرە　　　　٤.بنیاتی بازنەیی


بێشک ئەم هەنگاوەش جێگای بایەخەو وە هەوڵێکی ترە بۆ ناساندنی ئەم توخمەو بەو چوار جۆرە کە لە توێژینەوەکانی تر بەو شێوەیە نەخراوەتەڕوو ئەم هەوڵەی توێژەر هەوڵێکە بۆ ئەوەی زیاتر توێژینەوەکە وەک توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەربکەوێ و حسابی بۆ بکرێ.

### ٧. وەسف:

یەکێکە لە تەکنیکە گرینگەکانی نێو بونیاتی هونەری گێڕانەوە، کە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە نێو چیرۆک و رۆمان، ئەگەر ببێت چاوێک بە هەر سێ توێژەر بخشێنین ئەوا لە توێژینەوەی خاتوو (رێزان رحمان خدر) بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان باسی ئەم توخم و رەگەزەی نێو بونیاتی گێڕانەوە نەکردووە کە (وەسف) ە. جا بەهەر هۆکارێک بێ، ئەمەش جۆرێک لە ناکارایی لە کارەکەیدا سەبارەت بەم توخمە نیشان دەدات، بەڵام سەبارەت بە توێژینەوەکەی خاتوو (پەری سالح حمید) ە، توێژەر بەشێکی تایبەتی تەرخان کردووە بەم توخم و رەگەزە توێژەر لە توێژینەوەکەی هاتووە بە درێژی لە رووی لایەنی تیۆری سەبارەت بەم توخمە قسەی کردووە بە شێوەیەکی گشتی خستنەڕووی چەندین لایەنی تری (وەسف) وەک: وەسفی هەڵبژاردن (النتقاء) وە هەروەها وەسفی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە (الاستقصاء) بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت هاتووە، جۆرەکانی وەسفی خستۆتەڕوو بەم شێوەیە:




ئەم خۆتەرخان کردنەی توێژەر زیاتر خستنەڕووی ئەم رەگەزە هەوڵێکی باش و جدییە وە لایەنێکی سەرکەوت و زانستانەی کارەکەیەتی بەڵام سەبارەت بە توێژینەوەی سێیەم کە لە لایەن (سەنگەر قادر شێخ محمد) ەوە، پێشکەش کراوە دەربارەی خستنەڕووی رەگەز و توخمی (وەسف) توێژەر هاتووە لە بەشی سێیەم لە تەوەرەی یەکەمدا باسی هونەری ئەم رەگەزەی کردووە بە شێوەیەکی گشتی دابەشی کردووە بەسەر دوو جۆر:



خستنەڕووی چەندین جۆری تری وەسف لە روانگەی خستنەڕووی جۆری (وەسف) لەلای هەریەک لە (محمد عزام و جیفری لیچ) بەم شێوەیە جۆرەکانی وەسف لە روانگەی (جێفری لیچ):

١ــ جۆرەکانی وەسف لە روانگەی (جیفری لیچ):

**جۆرەکانی وەسف**

آ. وەسفی ماددی و تەجریدی

ب. وەسفی خودی و بابەتی

٢ــ جۆرەکانی وەسف لە روانگەی (محمد عزام)، بەپێی کورتی و درێژی:

**جۆرەکانی وەسف**

آ.وەسفی درێژ دادڕ

ب. وەسفی هەڵچنراو

دیارە ئەم خستنەڕووەی جۆری تری وەسف لە لایەن توێژەر مایەی دەستخۆشیە و هەوڵێکە لە پێناو زیاتر خستنەڕووی جۆری تری وەسف ئەمەش کارێکی زانستیانەیە.

## ٨. زمان:

(زمان) یەکێکە لە توخم و رەگەزە کاراکانی نێو هەر دەقێک بە تایبەت لە نێو بوونیاتی گێڕانەوە کە وەک تەکنیکێکی نوێ گرینگیان پێ داوە سەبارەت بە ئاماژە پێدان و خستنەڕووی ئەم توخمە لە توێژینەوەی خاتوو (رێزان رحمان خدر) بە هیج شێوەیەکی خۆی لێ نەداوە و هیچ تەوەر و بەشێکیشی بۆ تەرخان نەکردووە جا بەهەر هۆکارێک بێت، بێ شک ئەم ئاوڕنەدانەوەیەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا جۆرێک لە بۆشایی و درزی دروست کردووە، بەڵام سەبارەت بە توێژینەیی خاتوو (پەری ساڵح حمید) ئەوا توێژەر لە بەشی دووەم تەوەرەی یەکەم باسی توخمی

زمانی بە شێوەیەکی گشتی کردووە، بەڵام سەبارەت بە توێژینەوەکەی (سەنگەر قادر شێخ محمد) توێژەر لە بەشی دووەم تەوەرەی یەکەمدا هاتووە باسی ئەم توخمەی نێو تەکنیکی گێڕانەوە بە شێوەیەکی چڕو گشتگیر کردووە بە تایبەت توخم و ڕۆڵ و مەهامی زمان لە نێو داستان و ڕۆماندا.

## ئەنجام:

دوابەدوای خستنەڕووو و دەست نیشان کردن و تێڕوانینمان سەبارەت بە تەکنیکی گێڕانەوە و ڕەگەز و توخمەکانی نێو ئەم تەکنیکە بە هەر سێ توێژینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١.لە هەر سێ توێژینەوەدا سەبارەت بە خستنەڕووی جۆرەکانی (کات) جیاوازی هەیە لە توێژینەوەکانی (پەری ساڵح حمید و ڕێزان رحمان خدر) لە خستنەڕووی کاتی فیزیکی و کاتی دەروونی بەڵام لە توێژینەوەکەی (سەنگەر قادر شێخ محمد) ئاماژە بەو جۆرە نەکراوە.

٢.لە هەر سێ توێژینەوەدا گرینگی بە خستنەڕووی ڕەگەزی شوێن دراوە، بەڵام بە فۆرم و هێلکاری جیاواز و چەمک و زاراوەی جیاواز ئەمەش بۆتە هۆکارێکی پۆزەتیڤ لە پەرە پێدان و چڕ کردنەوە و نیشاندانی جۆرەکانی شوێن لە دەقەکاندا.

٣. لە هەر سێ توێژینەوەدا گرینگی بە ڕەگەز و توخمی (دایەلۆگ) دراوە وە توخمێکی نێو بونیاتی گێڕانەوە بەڵام لەگەڵ هەبوونی جیاوازی لە خستنەڕوو بەڵام لایەنی وێکچووی هەر سی توێژینەوە لەوەدایە کە هەر سێ توێژینەوە ئاماژەیان داوە بە خستنەڕووی (دایەلۆگی ڕاستەوخۆ) و (دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ).

٤. هەر سێ توێژەر بۆ خستنەڕووی توخم و ڕەگەزی (مۆنۆلۆگ) کاریان بە هێلکاریەکەی (ڕۆبارت همفری) لە ڕووی خستنەڕووی جۆرەکانی (مۆنۆلۆگ) و پشتیان پی بەستووە کە ڕەگەزێکی کارای نێو تەکنیکی (شەپۆڵی هۆش) ە.

٥. لە هەر سێ توێژینەوەدا ڕەگەز و توخمی (کارەکتەر) یا (کەسایەتی) ئاماژە دراوە بەم ڕەگەزە و خراوەتەڕوو بەڵام بە فۆرم و هێلکاری جیاواز بە شێوەیەکی گشتی و بنجی و چەسپاو کەسایەتی بەسەر دوو جۆر (کەسایەت چەسپاو) و (کەسایەتی پەرەسێن) دابەشکراون و لە

توێژیەوەکاندا دووبارە کراونەتەوە ئاماژەیان پێداوە بەڵام هێلکاریەکی نێو توێژینەوەی (بنیاتی گێڕانەوە  لە داستانی مەم و زین و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان) زۆر چڕ ترو کاراتر خراوەتەڕوو.

٦. لە هەر سی توێژینەوەدا رەگەز و توخمی (ڕووداو) خراوەتەڕوو بەڵام بە شێوەی جیاوز وە بە زاراوە و چەمک و فۆرمی جیاواز کە هیچیان وێک ناچن لە رووی زاراوەوە.

٧. تەنیا لە دوو توێژینەوەدا ئاماژە بە رەگەزی وەسف وە یەکەیەکی نێو تەکنیکی گێڕانەوە کراوە وە بە هیج شێوەیەک بە توێژینەوەی (تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج) دا باسی (وەسف) نەکراوە، لەو دوو توێژینەوەی کە ئاماژەشیان پی داوە جیاوازی هەیە لە خستنەڕووی وەسف دا.

٨. لە هەر سێ توێژینەوەدا تەنیا دوو توێژینەوە ئاماژەیان بە رەگەزی زمان لە نێو تەکنیکی گێڕانەوە داوە بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەی (تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی عەبدوڵلا سەرج) دا نەپرژاوەتە سەر خستنەڕووی رەگەزی (زمان).

**سەرچاوەکان:**

١.بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانیّ و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا،(نامەی ماجستێر)، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، تشرینی یەکەم، ٢٠٠٧.

٢. تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج) دا، (نامەی ماجستێر)، ریزان ڕەحمان خدر، نیسانی، ٢٠٠٧.

٣. گێڕانەوە لە کۆ چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا، (نامەی دکتۆرا)، پەری ساڵح حەمید موفتی) شوبات، ٢٠١١.